# لەبەرەو پیری 8ی مارس دا لایەك لە رابەران وگرنگترین رووداوە مێژووییەكان



kazhalh@yahoo.com
كەژاڵ حەمە رەشید
Feb\21\2005

- بیرۆكەی رۆژی نێونەتەوەیی ژنان
- گرنگترین روداوە مێژووییەكان
- رابەران و دامەزرێنەرانی رۆژی نێونەتەوەیی ژنان (كلارا زیتكین، ئەلیكساندرا كۆلینتای)
- نەتەوەیەكگرتوەكان و قبولكردنی رۆژی جیهانی ژنان

بیرۆكەی رۆژی جیهانی ژنان بۆیەكەم جار لە دەورانی سەدەی بوژانەوەدا هاتە ئاراوە كە پیشەسازی بەشێوەیەكی زۆر فراوان جیهانی دەبوەوەو هەلئاوسانی دانیشتوانی سەرزەوی بەرەو سەر دەچوو، هەروەها لەم نێوەشدا ئایدۆلۆژیە رادیكالەكان لە چوونە پێش و گەشەدا بوون ، هەرئەو دەورانە بزووتنەوەی ژنان بەرفراوانترین و كاریگەرترین چالاكی و نارەزایەتی و مانگرتنی بەخۆوەبینی.

لە 8ی مارسی 1857دا ژنانی كرێكاری كارگەیەكی پارچەچنین و نەسیج كە بە (كرێكارانی پارچە چنین ناسرابوون) لە شاری نیوێۆرك لە وولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا، نارەزایەتی و مانگرتنیان بەرێخست. ئەوان لەدژی هەلومەرجی نائینسانی كارو نزمی كرێ دەجەنگان. پۆلیس هێرشی كردە سەر خۆپیشاندانەكەو بلاوەی پێكردن. دوو سال دواتر دیسان لە مانگی مارس دا هەر ئەو ژنانە یەكەم نەقابەی كرێكاری خۆیان پێكهێنا بۆ هەولدان بۆ پارێزگاریكردن لە خۆیان و بەدەست هێنانی مافە سەرەتاییەكانیان لە شوێنی كاردا.

لە 8ی مارسی 1908دا 15,000 ژن لە نیویۆرك رێپێوانیان بەرێخست و داوای كەمكردنەوەی سەعات–كارو كرێی باشترو مافی دەنگدان و هەرەوها كۆتایی هێنان بە بە كارپێكردنی منالانیان دەكرد. لەم خۆپیشاندانەدا درووشمی( نان و گوول)یان بەرزكردەوە، (نان) وەك نیشانەی دابینكردنی ئابووری و، (گول) وەك رەمزی ژیانێكی باشتر. لە مانگی مەی دا پارتی سۆسیالیستی ئەمریكا دووایین یەكشەممەی مانگی فێبریوەری دیاریكرد بۆ رێزگرتن لە رۆژی جیهانی ژنان. بەدوای بەیاننامەی پارتی سۆسیالیستی ئەمریكا یەكەمین رۆژی جیهانی ژنان لە وولاتە یەكگرتوەكان لە 8ی فێبریوەری دا بەرێخرا. ژنان بەردەوام بوون لە درێژەدان بەو یادە لە هەموو دواین یەكشەممەكانی مانگی فێبریوەری هەتا سالی 1913.

كۆنفرانسی نێونەتەوەیی (ئەنتەرناسیۆنالی یەكەم) كە لەلایەن رێكخراوە سۆسیالیستەكانەوە لە سەرتاسەری جیهاندا لە كۆپنهاگن پیتەختی دانیمارك لەسالی 1910 رێكخرا. ئەم كۆنفرانسە پێشنیاری رۆژی جیهانی ژنانی كردو بریاردرا بكرێتە رۆژێكی نێونەتەوەیی. پێشنیارەكە لە راستیدا لەلایەن كلارا زیتكینەوە دارێژرابوو وە پێشنیاری كردبوو كە رۆژی 8ی مارس بكرێتە سیمبۆلی نارەزایەتیەكەی كرێكارانی پارچە چنین لە وولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا. پێشنیارەكە لەلایەن گشت ئامادەبوانی كۆنفرانسەكە كە بریتیبوون لە 100 ژن لە 17 وولاتی جۆراوجۆری جیهانەوە بە هاورایی هەموان قبوول كرا. لەو كاتەدا هیچ رۆژێكی دیاریكراوی تر پێشنیار نەكرابوو بۆ ئەو یادە.

بەیاننامەكەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی كاریگەری جدی هەبوو لەسەر رەووتی بزووتنەوەی ژنان، بەدوایدا سالی
1911 رۆژی جیهانی ژنان بوو بە سوونەت. بۆ یەكەم جار لە وولاتانی ئوسترالیا، دانیمارك، ئەلمانیا، هەروەها هۆلندا رۆژی 19ی مارس زیاتر لە یەك ملیۆن ژن و پیاو دەست لەناودەست رژانە نێو شەقامەكان. بەشێوەیەكی گشتی لە پێناو بەدەست هێنانی مافی دەنگدان و دەستگرتن بەسەر ئۆفیسەكانداو هەروەها داوای مافی كاركردن و كۆتایی هێنان بە جیاوازیكردنی نەژادی لە پرۆسەی كاردا دەكرد. ئەلیكساندرا كۆلینتای شۆرشگێری رووسی كە یارمەتی دەری ئەو نارەزایەتیانە بوو ئەو رۆژانەی وەك (دەریایەك لە جۆشو خرۆشی ژنان) وەسف دەكرد. دوای كەمتر لە هەفتەیەك لە 25ی مارسدا ئاگركەوتنەوە تراجیدیەكەی نیویۆرك رووی دا. زیاتر لە140 كرێكار كە زۆربەیان كچانی گەنجی ئیتالی و جوولەكە بوون كە لە كارگەیەكی بەرگدروو كاریان دەكرد گیانیان لە دەستدا بەهۆی نەبوونی سەلامەتی كارەوە. ژنانی یەكگرتووی نەقابەی كرێكاران هەروەها نەقابەی ژنانی كرێكارانی نێونەتەوەیی پارچەچنین نارەزایەتیان بەرێخست لەدژی ئەو هەلومەرجە تراجیدیە، لەوانە رێپێوان و خۆپیشاندانی رێورەسمی ناشتنی تەرمەكان كە قەلەبالغی زیاتر لە 100,000 كەسی بەشوێن خۆیدا برد. رووداوی سووتانی ئەو كرێكارانە كاریگەریەكی زۆر پرماناو گرنگی دان بە

یاساکانی کارو دژوارترین هەلومەرجی کار هەبوو کە دەبوونە هۆی ئەو رووداوانەی لەو چەشنە کە لە داهاتوودا بوونە خواستێکی گرنگی رۆژی نێونەتەوەیی ژنان.

ژنانی رووسیە بەشێك لە چالاکیەکانی ئاشتی لە رۆژانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم بەرێخست. یەکەم رۆژی جیهانی ژنانیان لەدووایین یەکشەممەی مانگی فێبریوەری 1913دا رێزلێنا. هەروەها سالانی دواتر لە شوێنانی تری ئەوروپا لە دەوروبەری 8ی مارسدا ژنان دەستیان دەدایە چالاکی بۆ رووبەرووبوونەوەو نارەزایەتی دەربرین لە بەرامبەر جەنگداو هەروەها بۆ نیشاندانی پشتیوانی بۆ ژنانی تری دوونیا. کاتێك 2ملیۆن سەربازی رووسی لە جەنگدا گیانیان لە دەستدا ژنانی رووسیە دیسان دووایین یەکشەممەی فێبریوەری سالی 1917یان هەلبژارد بۆ نارەزایەتی دەربرین و بەدەستهێنانی (نان وئاشتی) سیاسەتمەدارانی ئەوکاتەی رووسیە دژایەتی کاتی ئەنجامدانی مانگرتنەکەیان دەکرد، بەلام ژنان هەربەردەوامبوون. 4رۆژ دواتر تزاری رووسیە ناچارکرا بە ئیستیقالەدان، حکومەتی موەقەتە بەلێنیدا بە ژنان کە مافی دەنگدانیان بەرەسمی بۆ بناسێ.



کلارا زیتکین\ئەلیکساندرا کۆلینتای\رۆزا لۆکسمبۆرگ

لە سالی 1915دا زیتکین خۆپیشاندانێکی لە (بێرن-پایتەختی سویسرا) رێکخست بۆ پێداگرتن لە سەر کۆتایی هێنان بە جەنگی جیهانی یەکەم و ژنان لە هەردوو لایەنی بە شەرهاتوو هاتنە دەر. دامەزرێنەرانی رۆژی جیهانی ژنان، زیتکین و کۆلینتای بەشداریان لە زۆربەی خۆپیشاندانە بەناوبانگەکانی رۆژی جیهانی ژناندا کرد، 8ی مارسی 1917و مانگرتنی ( نان و ئاشتی) ، هەرەوها شۆرشی فێبریوەری کە تزار ئیستیقالەی تیادا. لەدەورانی دەسەلاتی سۆڤیەتدا کۆلینتای لەوەزارەتی دەرەوە لە گەل لینین بریاریاندا کە رۆژی 8ی مارس بکەنە پشووی رەسمی.

لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا رۆژی جیهانی ژنان لە نێو سالەکانی 1920-1910 یاد دەکرایەوە، بەلام دواتر بەرەو کەمبوونەوە رۆیشت، پاشان لە نێو جۆشوخرۆشی چالاکیەکانی ژناندا لە دەیەی شەستەکاندا 1960-1970 زیندووبوەوە بەلام بەبێ جیهەتە سۆسیالیستیەکەی.

لەم سالانەی دواییدا رۆژی جیهانی ژنان دوورنمایەکی جیهانی لە خۆگرت بۆ ژنان لەوولاتانی گەشەسەندووی هاوشێوەدا. لە دیسیمبەری 1977دا کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان پەیوەندی خۆی لە بارەی مافەکانی ژنان و ئاشتی نێونەتەوەیی رۆشنکردەوە، کۆنفرانسی جیهانی ژنانی نەتەوە یەکگرتوەکان یارمەتی دەربوو کە داواکاری مافەکانی ژنان و بەشداری کردن لە پرۆسەکانی سیاسی ئابووریدا بچێتە پێشەوە.

**کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە کلارا زیتکین:**

زیتکین، دامەزرێنەری رۆژی جیهانی ژنان(1857-1933) رابەرێکی کۆمۆنستی ئەلمانی بوو، مامۆستایەك بوو کە دواتر پەیوەنی کرد بە پارتی سۆسیال دیموکراتەوە، دواتر پێکەوە لەگەل رۆزالۆکسمبۆرگ دا بوونە دووکەسی بەرجەستەی بالی رادیکالی ئەو پارتە. ئەو یەکێك لە دامەزرێنەران و تیئۆرنیستەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ژنان بوو، هەروەها لەنێو ئەو پارتەدا بلاوکراوەی ژنانی دیاریکردوو تا سالی 1916 بە بەردەوامی بەرێوەی دەبردوو دەری دەکرد. ئەندامی پارتی سپارتاکۆس بوو، هەروەها لە سالی 1919دا یەکێك لە دامەزرێنەرانی سەرەکی پارتی کۆمۆنیستی ئەلمانیا بوو، هەروەها لە نێوان 1920-1932 ئەندامێکی کۆمۆنستی رایکستاك بوو. لەو دەورانەدا زۆربەی ژیانی لە رووسیە بەسەربرد، هاوشان لەگەل ئەلیکساندرا کۆلینتای بەشداری بەناوبانگترین و کاریگەرترین خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی ژنانیان دەکرد. چەندین کتێبی لە بارەی سۆسیالیزم و مافەکانی ژنانەوە نووسی، یادەوەریەکانی لەگەل لینین دا لە سالی 1929دا بۆ چەندین زمانی تر وەردەگێردرێت.

******************************

تێبینی: بەشی زۆری زانیاریەکانی ئەم بابەتە لە ئەنتەرنێت وەرگیراوە لە سایتەکانی تایبەت بە

Klara Zetkin & International Women's Day